www.kurdistannet.org
23-12-2006 22:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

رۆژنامەی خەبات ئەمسالّی لێ بۆتە پارسالّ ... باوەڕ پیرۆززادە

دەمێکە گومانم سەبارەت بە پرۆسەی وەرگێران لە کوردستاندا هەیە، بە تایبەتی لە بواری رۆژنامەنووسیدا، ئەم حالّەتە زۆر بە روونی لە کاتی وەرگرتنی هەواڵدا باش دەرکی پێدەکرێت، هۆکاری هەرە سەرەکیش نەبوونی لێپرسینەوەیە؛وەك نموونە ئەم هەواڵەی رۆژنامەی (خەبات) ی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق وەردەگرم، کە رۆژی 2006/12/23 لە دوا لاپەڕە بڵاویکردۆتەوەو وەك ئاماژەیان پێداوە هەواڵەکەیان لە ماڵپەری جیران وەرگرتووە کە بە زمانی عەرەبی بابەت بڵاودەکاتەوە، وەك دیارە هەواڵسازەکە لە زمانی عەرەبیدا ئەوەندە کلۆڵ بووە ناوەڕۆکی ئەسڵی هەواڵە عەرەبییەکەی تێکداوە کە لە لە پێنج رستەدا تەنیا یەك رستەی بە درووستی وەرگێڕاوە.

تکایە بۆ دەقی هەواڵەکەی الجیران سەیری ماڵپەڕەکەیان بکەن. www .aljeeran .net

رۆژی 2006/12/22

بەڵام بۆ وەرگێڕانەکەی خەبات دەکرێت ئەم چەند دێڕە بنووسمەوە کە بە روونی هەڵەکە هاوار دەکات، کە وەك وتم رۆژی 2006/12/23 لە دوالاپەڕەدا هەواڵە وەرگێڕدراوەکەیان بڵاوکردۆتەوە؛

(بە پێی راپۆرتێکی سالانەی لیژنەی پاراستنی رۆژنامەنووسان کە پارسالّ راگەیەنرا نزیکەی 32 رۆژنامەنووس لە سالّی 2006 لە ئێراق کوژراون) ئەمە هەر لە وشەی یەکتربڕو پاراسایکۆلۆژیا دەچێت گوایە!! راپۆرتەکە سالّی پار واتە 2005 راگەینراوە کەچی لیژنەی پاراستنی رۆژنامەنووسان دەرکییان بەوە کردووە کە سالّی 2006 لە عیراق 32 رۆژنامەنووس دەکوژرێن!!!